# ڕەنگی تیرۆر

**نووسینی: حەمەفەریق حەسەن**
hemefarik@yahoo.dk

ڕەنگی تیرۆریش وەک ڕەنگەکانی لەمەڕ شێوەکارەکەی ئاشنام جیهانییە و خەڵکی هەرکوێ بی دەیناسییەوە. تیرۆر، دەعەجانییەکی ڕەشدێزی چاو خۆڵەمێشیی دگان قوڕقوشمییە. برۆکانی ڕەش و پان و تێکپەڕیون. مستەکۆڵەیەک ڕیشی لوولدێزی ڕشکنی لە ژێر دەمامکە ڕەشەکەیەوە بەرداوەتەوە. لەبان سەری بۆرەمارێکی حەوت قەفی پەپکەی داوە. کاسەی سەری بەتەونی جاڵجاڵۆکە تەنراوە.. لە ئێوارەیەکی سەربە عەجاجی جاهیلییەوە، بەسواری حوشترێکی پەیزەن و قەدی بە شمشێرەوە پەڕیوەتە شارێکی چراخان و بەگوڵزار و شووشەبەندی پڕلە فوارە و میترۆ و ئەلکترۆن. لە پشتییەوە دروشمێکی ڕەش و بازوو، کە بەدەستێکی چڵکن و بەئەلفابێتێکی ئاڵۆزی لەجەنگەڵ چوو، بەڕەنگی ژەنگ، چەند دێڕێکی لە ڕاستەوە بۆ چەپ لەسەر نووسراوە. ئەوەتانێ بەشمشێرە خۆرە تێداوە درێژە مشتوو ڕەشەکەی، ئاماژەی ژنە ڕۆژنامەوانێکی قژ زەرد دەکات، کە بەپەڕۆ کۆنێکی ڕەشی چڵکن، چاو و دەست و پێی بەستووەو و بەحاڵ نووزەی تێداماوە.. دوای تاوێکی دی بەزمانی ڕەوانی عارەبی نەفرەت لە شەیتان دەکات و ناوی خوا دێنێ و شمشێرە مشتوو ڕەشە خۆرە تێداوەکەی کەمەری دەکێشێ و تێیدەخوڕێ، شایەتمان بێنێ. بەڵام بارمتە قژ زەردە چاو بەستراوەکە هیچ حاڵی نابێ و دوا ئەندامی دەلەرزێ و گوێت لە چۆقە چۆقی ددانێتی.. دەعەجانی، بەشێنەیی، گۆشاوگۆش سەری لە لەشی جیادەکاتەوە.. بەپرچ ، سەرە بڕدراوە خوێناوییەکەی هەڵدەگرێ و لەسەر مەمکەکانی دایدەنێ.. لە هیکڕا لە جێی خۆی هەڵدەبڵۆقێتەوە و شمشێری خوێناوی هەڵدەبڕێ و بە هەموو دەنگی دەشیرێنێ: ئەڵڵاهو ئەکبەر..!! لە پشتییەوە شەش حەوت بەڵمە ڕیشەی دەمامکی ڕەش کردووی چاو خۆڵەمێشیی برۆ تێکپەڕیوی چڵکنی نینۆک درێژ بەهەموو دەنگیان بۆی دەسننەوە: ئەڵڵاهو ئەکبەر.!! دەعەجانی دەچەمێتەوە، شمشێرە خوێناوییەکەی بە دامێنی تەنوورەی ژنە ڕۆژنامەنووسی بێسەر و بێگیان دەسڕێ.

هاوکات لەسەر دیوارە بەدروشم ڕەش هەڵگەڕاوەکەوە، وێنەیەکی هەڵواسراوی لە (هوبەل) چوو دەبینی؛ بە گۆشەی لێو زەردەیەک دەیگرێ. هەر لە چوارچێوەی وێنەکەوە دەستی ڕەشی درێژدەکات و سەد دۆلاری سەوزی ئەمەریکایی دەنێتە مستی دەعەجانییەوە. ئەویش زەردە دەیگرێ و دگانە قوڕقوشمییەکانی بەدیار دەکەون. گەڵایەکە دووقەد دەکات و لە ئاستی دڵی دەینێتە گیرفانە چکۆلەی دیزداشە ڕەشەکەی.. دەمامک و شمشێر لەوێ دادەنێ و دەچێ لە بازاڕێکی ڕەشدا بەنیازی سەر گەرمکردن بڕێک تلیاکی پێدەکڕێ. پاشان لە دەرگەیەکی ڕەشی مۆرانە تێداو دەدات و باقییەکەی دەنێتە مستی ئوم چەللوبەوە و دەوامی ئەو ڕۆژەی لێرەدا کۆتایی دێ.

دەعەجانی: زۆر ناشیرین
هوبەل: یەکێکە لە خوایەکانی عارەبی سەردەمی جاهیلی
دێز: ڕەشی کاڵ، بۆر، تێکەڵەیەک لە ڕەش و سپی
دگان: ددان
عەجاج: تۆزو بایەکی تایبەت بە بیابانە. وەختێ هەڵدەکات، بەری ڕوانین دەگرێ و مرۆڤ تەنگەنەفەس دەکا.
ئوم چەللووب: دایکی چەللووب
زەردە: زەردەخەنە